# کۆڕی بەڕێز / وەزیری ڕۆشنبیریی : مەحمود مەحەمەد

## " ڕەوتی ڕۆشنبیریی لەکابینەی چوارەمدا "

### بەهۆی سەپاندنی توخمی نەویستراو بە سەرکەلتووره کەمانەوه " ئەرکی ڕۆشنبیران قورستر بووه



هیچ کۆمەلگەیەك لەسەر گۆی ئەم زەمینە پەیدا نابێ ، ئەگەر سیستەمی نرخ و بەهای تایبەتی خۆی نەبێت ، کاتێك ئەو نرخ و بەهایانەش ڕووبەڕووی واقیعەتەکانی ئەمڕۆ دنیا دەبنەوە ئینجا تێدەگەین چەند ئاستەنگن یان زەمینە خۆشکەرن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ، ڕۆڵی گرنگ گەر دەکەوێتە سەر ڕۆشنبیر بۆ پلانڕێژکردن و چۆنیەتیی گۆڕانکاری . ڕۆشنبیر مرۆڤی فکرو زانستە ، بڕوای بە تێڕوانینێکی دیاریکراو هەیە لە بەرامبەر مرۆڤ و هزردا . ئەو مرۆڤە ڕۆشنبیرە کە دەرکی واقیعی کردبێ و پێشبینی ئایندەی لەلا دروست ببێ و هەنگاوی عەمەلی بنێت . چەمکی ڕۆشنبیر لەولاتێك بۆ ولاتێك و لە قۆناغێك بۆقۆناغێك چۆن گۆڕانی بەسەر داهاتووەو تێگەیشتنی هەر کۆمەڵگەیەك بۆ ڕۆشنبیر لە قۆناغە جیاجیاکاندا وەکو یەك نەبووە ، ڕەنگە لەسەر دەمێکدا لە کوردستانی خۆماندا ئەوەی کە توانیبێتی بە دەزگای چاپ نووسراو چاپ بکات بە ڕۆشنبیر زانرابێت ، بەڵام ئەم تێگەیشتنە هی قۆناغێك بووە ، ئێستا گۆڕانکارییەك بەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری داهاتووە ، ئەمەش ڕاستەوخۆ بۆ ئەو بایەخ و گرنگیدانە دەگەڕێتەوە کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەم بوارەی داوەو دەدات ، ئەم تێڕوانینانەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون پوختەی بابەتێکی " مەحمود محەمەد " ی وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستانە ، کە بەناو نیشانی " ڕەوتی ڕۆشنبیری لە کابینەی چوارەمدا " لە بنکەی ڕۆشنبیری کاوە پێشکەشی کرد .

## بەرنامەو پرۆگرام

بە هۆی بەرشاڵاوی شێواندنکەوتنی کەلتوورو ئەم ئاستەنگانەی ئامارەمان بۆکردن ، ڕادەی پێشکەوتن و دواکەوتن گۆڕان و جیاوازی تێدا هەیە و لە کاتی بەرنامە و پرۆگرام داناندا بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچین دەبێ هەندێك لامەرکەزی بدەینە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بۆئەوەی بەپێی تێگەیشتەنی ئەو ناوچانە برەو بەکەلتووری ئەوێ بدرێت ، بەڵام ئاراستەکردنی لەگەڵدا بێت .

## پێکهاتەی وەزارەتی ڕۆشنبیری

وەزارەتی ڕۆشنبیری یەکێکە لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە کۆمەڵێك بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری و شوێنەوارو ڕاگەیاندن و وەرزشی و کۆمەڵێك بواری دیکەی جیاجیا پێك هاتووە ، لە کابینەی چوارەمدا هەریەك لەوانە جۆرە پێگەیشتنێکیان بە

خۆوە بینیوە بە نیازین هەندێك هەنگاوی دیكەش بنێین بۆ ئەوەی كۆمەڵگەی كوردەواری و كوردستان زیاتر پێشبكەوێ و لەگەڵ كەلتووری كۆمەڵگاكانی تر بەرەو پێشەوە بچێت .

## ئەركی ڕۆشنبیرانی كورد

لەبەر ئەو بارودۆخەی كە بەسەر كوردستاندا هاتووەو ئەو ڕەوشە نەویستە سەپێنراوەی كە لە كۆندا بەسەر كوردستان و گەلەكەماندا سەپاوەو هەندێك جار بە زۆر هەندێك توخمی نەویستیان خستۆتە ناو كەلتوورمانەوە ، ئەمەش ئەركی هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی كوردی هەندێك قورستر كردووە و ، لەلایەك هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی كورد دەبێ لەگەڵ گەشەسەندن و پێشكەوتنی ڕۆشنبیری لە دنیادا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن و لە لایەكی دیكە خەریكی دۆزینەوەی ئەو توخمە نەویست و نەخوازراوانەبین كە بە زۆر خزێندراونەتە ناو كەلتوورەكەمانەوە .

## ئاستەنگەكان

ئەو كاركردنەی كە بۆ شێواندنی كەلتوور كراوە وایكردووە ئاستی ڕۆشنبیری لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر جیاواز بێت و ململانێ و ئاستەنگێكی یەكجار زۆر لەبەر دەم براودان بە كەلتووری كوردەواری دروست بكات . لەوانە :

- ڕەخنە كێشەیەكی گەورەیە لەناو كۆمەڵگەی كوردەواریدا ، چونكە نەبۆتە بەشێك لە بیر كردنەوەو ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵگەییماندا .
- ڕۆشنبیری هاتوچۆ : تاكو ئێستا لەوانەیە لەكوردستاندا ڕۆشنبیریەك بەم ناوە بوونی نەبوو بێت ، چونكە كێشەمان نەبووە ، بەڵام لەمەودوا ئەمە یەك لە كێشەكانی ئەم كۆمەڵگەیە دەبێت .
- نیشتەجێ بوون لە شوقە : بۆ ئەوەی خێزان بتوانێ بە ئاسوودەیی لە ناو شوقەدا بژیێت پێویستی بە ڕۆشنبیركردن هەیە .
- خۆشەویستی و پەروەردەكردنی گوڵ و درەخت بكرێ بە كەلتووری ژیانی كۆمەڵگەمان .
- پاراستنی ژینگە .
- خۆ بە خاوەن زانینی تاك بەرامبەر بە شوێن و دامودەزگاكانی كە هەیەتی .
- بڵاو كردنەوەی ڕۆشنبیری لە سەرمافی ئافرەت .
- لێك جیاكردنەوەی چەمكی ماف و ئازادی تاك و كۆمەڵ .
- ڕێكخستن و چۆنیەتی سوود لێوەرگرتن لە كەناڵە ڕۆشنبیرییەكان بە تایبەتی سەندیكای ڕۆژنامەنووسان و سەندیكای هونەرمەندان و یەكێتی نووسەرانی كورد .

## كارو چالاكییەكان

وەزارەتی ڕۆشنبیری تا ئێستا لە پاڵ دەركردنی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە چەندین پەرتووكی بە چاپ گەیاندووە و ڤیستڤاڵی ڕۆشنبیری و هونەری سازداوەو لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی

دواییدا چاکسازی و پاکسازیەکی هەمەلایەنی لەناو دامودەزگاکانی ئەنجام داوەو ئەم کارو چالاکیانەشی کردووە " لەوانە :

- لەبواری هونەری مۆسیقادا :

1. دامەزراندنی کۆڕاڵێك .
2. دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقایی تایبەت بە ئافرەتان .
3. کردنەوەی ناوەندی فێرکردنی مۆسیقا جگە لە لاوان بۆ گەورەکانیش .

- سینەما و شانۆ :

1. جیاکردنەوەی سینەما و شانۆ لە یەکترو دامەزراندنی دوو بەڕێوەبەرایەتیی سەربەخۆ .
2. دروستکردنی سێ فیلمی سینەمایی کوردی بۆ یەکەمین جار لە هەرێمی کوردستان و ماوەیەك لەمەوبەر فیلمێکیان بەناوی ( ژیان ) کە لە دەرهێنانی هونەرمەند ( جانۆ ڕۆژبەیانی) یە ، نیشاندرا .
3. دامەزراندنی کۆمپانیایەکی سینەمایی .
4. دابین کردنی کەرەستەی سینەمایی .

* دروستکردنی دوو گەلەری تایبەت بە هونەری شێوەکاری لە هەولێرو دهۆکدا .

- بواری وەرزشی و چالاکی دیکە :

1. دروستکردنی بنکەیەکی وەرزشی بە شێوازی نوێ لەهەر شارێك لە شارو قەزاو ناحیەکانی کوردستاندا .
2. پڕۆژەیەکی یاساییمان ئامادە کردووە بەناوی " ئەنجوومەنی باڵای وەرزشی لە کوردستاندا " لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران بەرچاوخراوەو ڕەزامەندی لەسەر کراوەو بڕیار وایە بنێردرێ بۆ پەرلەمانی کوردستان ، بۆئەوەی بکرێ بە یاسایەك و لەمەودوا بەم یاسایە هەڵسوکەوت لەگەڵ یانە وەرزشییەکانی کوردستان بکرێ و پاڵپشتیان بکرێ بۆئەوەی هەموو یارییە وەرزشییەکان پێشبکەون .

- شوێنەوار بەشێکە لە کارو ئەرکەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەرکی ئێستامان لە پاراستنی شوێنەوارەکانی کە دۆزراونەتەوە بەرجەستە دەبێت .
- چاپخانەمان هەیە و بە نیازین زیاتر پەرەی پێ بدەین .

بەروار : 21 / 5 / 2002